# سەرەتاکانی جەنگی قەومی لە کەرکوک
# (سەبارەت بە کارەساتی ئەمڕۆی گەڕەکی ڕەحیماوا)

حەمەغەفور

بەگوێرەی هەواڵەکان سەعات 11ی سەرلەبەیانی ئەمڕۆ لە گەڕەکی ڕەحیماوای شاری کەرکوک ئۆتۆمبیلێکی بارهەڵگر لە کاتی هاتنەدەرەوەی قوتابیانی دوو خوێندنگای ئەو گەڕەکەدا تەقێنراوەتەوەو 12کوژراو و192بریندازی لێکەوتۆتەوە. ئەمە تاوانێکی گەورەو قێزەونەو کۆمەڵکوژییەکی کوێرانەو وەحشیانەیە. سەرلەبەری ئەو بیرکردنەوەو سیاسەت و ئامانجەی لە پشتییەوە ڕاوەستاوە نەک هەر دوورە لە هەر مۆراڵێکی ئینسانی و سەردەمەوە، بەڵکو بەم شێوازەی ڕیسوایی و شکستی خۆی نیشانەدەدات بەر لە هەر شتێکی تر. سیاسەت و دنیابینییەک، لایەن و بەدیلێک دەستیبچێتە کوشتنی خەڵکی سڤیل پرۆسەی فەوتان و نابودبوونی خۆی تەیدەکات!

بەڵام ئەم کردەوە تیرۆریستیە بەشوێن دوایین کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی وەزیرانی عێراقدا دێت کە پێنجشەممەی ڕابردوو، دوای مشتومڕێکی زۆری نێوان لیستەجیاوازەکان بەهۆی پاشەکشەی لیستی هاوپەیمانی کوردیەوە لە بارەی چۆنێتی جێبەجێبکردنی مادەی 140وە پێیگەیشتن. لەو کۆبوونەوەیەدا لیستی کوردی و شیعەو سوننەو ئەوانی تر بەدەم دەمەقاڵەو ناچارییەوە ڕێکەوتنێکی عەمرکورتی دیکەیان لەناو حکومەتی بێچارەی عێراقیدا ئیمزاکرد، کە لە ئەساسدا سەرەڕای هەر ئیدیعایەکی پارتی و یەکێتی بۆ دڵخۆشکردنیان بە جێبەجێکردنی مادەی 140 لە زەرەرو بە دژی ئەوان کۆتاییهات. چونکە بەهۆی پێداچوونەوە بە دەستووری عێراقیدا ووشەی (ئارەزوومەندانە-رغبە)یان بۆ ناردنەوەی عەرەبەکان لەناو مادەی 140دا زیادکرد. جگە لەوەش بڕیارێک لە حکومەتی عێراقدا هەتا سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران ئیمزای نەکات، ناچێتە ئاستی جێبەجێبوونەوە. فەرموون قسەکەری ڕەسمی یەکێتی و پارتی چیمان پێدەڵێ! (محمد احسان) نوێنەری حکومەتی هەرێم لە لیژنەی باڵای جێبەجێکردنی مادەی 140 ڕۆژی دووشەممە 4/2 لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەییدا لە هەولێر ڕایگەیاند؛ "پەسەندکردنی بڕیارەکانی لیژنەی مادەی 140لەلایەن ئەنجوومەنی وەزیرانی عێراقەوە ، پێچەوانەی بڕیارەکانی لیژنەکەیەو دەبوایە لەلایەن خودی سەرۆک وەزیرانەوە پەسەندکرایە". ئەم قسەیە جگە لە پاشەکشەو شکست بۆ لیستی هاوپەیمانی کوردی کام مانای دیکەی هەیە!

لەوانەیە بووترێ باشە ئەگەر وایەو مادەی 140 جێبەجێنابێ ئیتر بۆچی تەقینەوەی ئەمڕۆ ڕوویدا! یا لەوانەیە لایەن و کەسانێک هەبن تەنانەت کارەساتەکانیش بقۆزنەوە بۆ مەرامی تەیبەتیان. کارەساتی ئەمڕۆی ڕەحیماوای هەولێر بکەنە بەڵگەی نزیکبوونەوەی ئەو مادەیە لە جێبەجێبوون، وەکو لە ئیدانەنامەکەی ئەمڕۆی مەکتەبی سیاسی یەکێتیدا بەروونی دەستی بۆ براوە. هەرچەندە بەلای منەوە خودی هاتنەئارای ئەو مادەیەو پێلەسەرداگرتنیشی فتیلەی سەرهەڵدانی جەنگی قەومیە لە شاری کەرکوک و دەوروبەریدا، بەڵام ڕاگەیاندنەکەی (محمد احسان) وەڵامی ئەو ئیدیعایانە دەداتەوە. وەڵامی واقعی ئەو پرسیارە ئەوەیە کە بێچارەیی و بێتوانایی حکومەتی مالکی لە وەڵامدانەوە بە مهمترین و ئەساسیترین ئەولەویاتی ئەجێندەکەی کە مەلەفی ئەمنی بوو، بەکردەوە فەشەلی خۆی نیشانداوەو ڕۆژبەڕۆژ عێراق

**نائارامترو خەتەرناکتر دەبێ، بە تایبەت شاری بەغدای پایتەخت. کە حکومەت وەزعی ئەمە بێ، ئیتر ئەحزاب و لایەنەکانی پێکهێنەری دەبێ بیر لە خۆیان و حیزبەکانیان و تائیفەکانیان بکەنەوە. دەبێ بچن قیادەی جەنگی تائیفییان بکەن. ئەمەش بەواتای توندتربوونەوەی جەنگی شیعەو سوننەیە. بەرەنجامی شکستی حکومەتی مالکی تەشەنەی کارە تیرۆریستییەکانەو قووڵتربوونەوەی جەنگی ناوخۆیە. ئێستا وا خەریکە شەڕی قەومی لە شاری کەرکوکیش هەڵدەگیرسێ! خەتەری ئەو جەنگە لە دەرگای ماڵەکان و لە دەرگای دڵی هەمووومان دەدات لە پێشمانەوە خەڵکی بەگیرهاتووی شاری کەرکوک. ئاخۆ دنیا بۆتە چەرمی چۆلەکەو ڕێگایەک نییە خەڵک بیگرنەبەر! بەدیلێک نییە ئەم شارە لە مەترسی حەمامە خوێنەکانی جەنگی قەومی لابدات! بەبڕوای من ڕێگاو بەدیل هەیە. بەڵام دەبێ قۆڵی لێهەڵماڵین و بیسەلمێنین.**

**خەڵکی شاری کەرکوک و کوردستانیش دەبێ بە جددیەتێکی زیاترەوە هەڵوێست بنوێنن. لە ڕاستیدا تەنها ئەوان دەتوانن بەر بەم جەنگە قەومییە بگرن لە شاری کەرکوک. ئەوان دەتوانن مەسەلەی سازکردنی ڕیفراندۆمێکی ئازاد بۆ بڕیاردان لەسەر چارەنووسی کوردستان وەکو تاجی گوڵ بنێنە سەر سەریان و ئەم دوو حیزبە ناچارکەن واز لە بەندوبەست بێنن بەسەرچارەنووسیانەوەو پابەندیانبکەن بەو ڕیفراندۆمەوە. ئەو ڕیفراندۆمە لەم ساتەوەختەدا کە جەنگی ناوخۆ لە کۆنترۆڵی حکومەتی مالکی دەرچووەو ئاگری جەنگیش هاتۆتە ناو دڵی کەرکوکەوەو ئەمریکاش لەبیری خۆدەربازکردندایە لە عێراق وە دەوڵەتانی ناوچەکەش چنگو دانمان نیشاندەدەن، دەروازەی ئومێدێکی گەورە بەڕووی عێراق بەگشتی و کوردستان و شاری کەرکوک بەتایبەتی دەکاتەوە. بە بڕوای من خەڵکی شاری کەرکوک وەکو ئۆکسجین پێویستیان بەم ئاڵتەرناتیڤەیە. ڕیفراندۆم بۆ کوردستان دەتوانێ کەرکوک لەمەترسی ئاییندە دوورخاتەوە.**

2007/4/2